www.kurdistannet.org
7-10-2006 6:45بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

**ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی ... فەخرەدین تاهیر**

مانگێك لەمەوبەر دۆستێكم لەهەولێر بۆی گێڕامەوە و گوتی: ناوە ناوە هەندێك كەسی بەناو گوایە بە خۆیان دەڵێن ڕۆژنامەنووس وماوەیەكە لەكەناڵێكی ڕاگەیاندن لە هەولێری پایەتەختدا گوایە بەرپرسی بەشی هونەرین، ئەو ڕۆژانەی دەست بەتاڵن،
بەشەو لە دوای بازگەی شارۆچكەی شاوێس یەكتری دەگرنەوە و لەوێ بەدەم خواردنەوەی مشروباتی روحی دەكەونە توانج و تەشەرو جنێودان بە خەڵك، یەكێك لەو كەسانە گوایە خۆی نەك بە ڕۆژنامەنووس و بەس بەڵكو خۆی بە هونەرمەندێكی پرۆفیشنێڵیش دەزانێ، ئەم كەسە دەڵێن لەجێگای كاریشیدا هەردەم پەیرەوی ئەو بیروبۆچوونانەی كە لەكتێبی (پرۆتۆكۆلاتی سەهیۆنی) دا نووسراوە، كردووە. مەبەست لە ناوەڕۆكی ئەم كتێبەدا ئەوەیە:مرۆڤ كاتێك لە شوێنێكدا كاری كرد، دەبێ خەڵكی دەوروبەری خۆی بۆ ئەو كار بكەن، بەواتایەكی دیكە خەڵك بكاتە جاسووسی خۆی لەنێو ئەو دەزگا ڕاگەیاندنەی كاری تێدا دەكەن دەبێ كۆمەڵێك ڕاپۆرتنووسیش بۆ خۆی دروست بكات و سەرباری ئەوەش گەرەكە خەریكی تەكەتولات بێت، بێگومان تا ئێستاكەش هەر ئەوهای كردووە، هەڵبەتە بێجگە لەمانەش لە شارچییەتی خۆشی بەردەوامە وەك هەندێكی نزیكی خۆی كە چۆن شارچییەتی دەكەن، سەرەڕای بێ موراڵیشیان لەهەڵسوكەوتی ڕۆژانەیاندا، ئەگەر بێ و بەس باسی هەڵسوكەوتی بێ موراڵییان لەكاری ڕۆژانەیاندا بكەم، مرۆڤی بەویژدان و كوردپەروەر عەقڵی ڕادەوەستێت، چونكە چاك دەزانم كوردی خودان مێژووی كوردایەتی پاك و بێگەرد قەد ئامادە نییە دەست بۆ كاری ئەوها سووك و چرووك ببات.
بێگومان باس نەكردنی هەڵسوكەوتی بێ موراڵی ئەو جۆرە بۆرە پیاوانە قازانجی كوردی تێدایە، چونكە كورد بەم جۆرە كەسە بێ موراڵانە موراڵی خۆشی لە دەست دەدات.
هەرچەندە لەوباوەڕەدام كەلە سێ بەشی كتێبەكەدا تێنەگەیشتووە، چونكە كتێبەكە كراوەتە عەرەبی و ئەو بەستەزمانەش لە زمانی عەرەبیدا كۆلەوارە ولەگەڵ ئەوەشدا كۆمەڵێك كارمەندی دەوروبەری خۆی كە هەندێكیان هەولێری و خۆشناون وبەشەكەی دیكەش خەڵكی شارەكەی خۆیەتی و مامە حەمەیی بۆ دەكەن و خەریكی جاسووسین لەناو هەمان دەزگادا لەسەر خەڵكانی ڕابردوو پاك ڕاپۆرت دەنووسن. لەلایەكی دیكەشەوە بۆیان گێڕامەوە وگووتیان: ئەم كەسە تا ئێستاكە چەند جارێك زەوی بۆ خانوو دروست كردن وەرگرتووە وئەو دەستبەجێ بە چەند دەفتەر دۆلارێك فرۆشتویەتییەوە، خەڵكیش هەیە لە هەمان دەزگای ئەو كاری لێ دەكات كارمەندە، كەچی خاوەنی مەترێك زەوی نییە.. !!
خەڵكانێكیش هەن هەردەم پرسیار دەكەن و دەڵێن: حیكمەت لەوەدا چییە بۆ ئەو جۆرە كەسانە بەم شێوەیە بۆیان چۆتە سەر... ؟
ئەزیش لە وەڵامدا دەبێژم: ئەو جۆرە كەسانە خەریكی جنسی لەتیفن بۆ خۆیان نا... بەڵكو بۆ دەسترۆیشتووەكان، بێگومانم هەتا ڕەوتاریان ئەوها بێ پەكییان لەسەر هیچ شتێك ناكەوێت... !!!
بەهەرحاڵ هەنوكە ئێمە قسەمان لەسەر ناوەڕۆكی كتێبەكەدا نییە، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە باسی لێوەبكەین یان باشتر ببێژین ئەم مەسەلەیە بورووژێنین ئەوەیە: گوایە لە یەكێك لە شەوانی سەرخۆشیدا شەكرێكی شكاندووە وگوتوویەتی: من لە ناوی باوكم پەشیمانم، لەبەرئەوەی ئەوەندە ڕقم لە (فەخرەدین تاهیر) ە، هەر بۆیە ڕقم لە ناوی باوكی خۆمە و دەمەوێت ناوی باوكم لە داخی (فەخرەدین) بگۆڕم.

7-10-2006 6:45 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەز وەك (فەخرەدین تاهیر) نە لە ناوی خۆم و نە لەناوی بابو باپیرم پەشیمانم و بەڵکو شانازییان پێوە دەکەم، بەڵام من گوناهم چییە کە تۆ گومانت لە ناوی باوکتە و لە داخی ناوی من دەتەوێت ناوی باوکت بگۆڕیت.. !!

لە دوماهی ئەم کورتیلە نووسینمدا ئەم دێرە شیعرەی حەزرەتی حاجی قادری کۆیی گەورە شاعیری نەتەوە دەکەمە وەڵامێك بۆ هەموو ئەو کەسانەی وەك تۆ کەگومانیان لە ناوی باوکیان پەیدا کردووەو هەتا ئێستاکە باوکی خۆیان نەناسیوە و نازانن کوڕی کێن... !!

حاجی زۆر جوان فەرموویەتی:

ئەگەر کوردێك قسەی بابی نەزانی
موحەققەق دایکی حیزە و بابی زانی

ستۆکهۆڵم 6. 10. 2006

Fakhradintahir@hotmail. com

سەرنج: دوای ئەم کورتیلە وتارەمدا چەند بابەتێکی دیکەش بۆ (ع ع) ەکان بەرێوەیە، با چاوەڕوان بن.